# سیاسەتی قوماركردن بە چارەنوسی خەڵكی كوردستانەوە لە نوسراوەكەی سەلاحودین موهتەدی دا

عرفان كريم arfan96@yahoo.de

**مێژووی بزوتنەوەی كوردایەتی پرە لە كارەسات و ڕووداوی سیاسی زۆر سەیر وسەمەرە كە تیایدا خولانەوە لە نێو سیناریۆكانی(یاخیبوونی كاتی ,شكست , سازش ) بۆتە تاپۆ و سەنەدێكی موقەدەس وئەبەدی لەلای ڕەهبەران و قارەمانانی ئەم بزوتنەوەیە , ئەم ڕێگایەش تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی چەند پلەو پایەو ئیمتیازاتێك لە حكومەتەكانی مەركەزی دا گێراوەتەبەر,وە بەدرێژایی مێژووی هەشتا ساڵەی ئەم بزووتنەوەیەدا ئەم شێوە كارە بەوێنەیەی چیرۆكێكی زۆر كۆمیدی _ تراژیدی لە مەیدانی سیاسەت دا بەرۆشنی دیارە و دووبارە بۆتەوە لە شێخ مەحمودەوە تا بزوەتنەوەی بارزانی _ تاڵەبانی ,هەربۆیە دەبینین گرتنەبەری ئەم (زەلیلی یە ) لە سیاسەتدا لە لایەن ناسیونالیزمی كوردەوە بۆتە كالایەك وكەرەستەیەكی سیاسی دەستی دووەم ( سێكەند هاند ) یێك بە دەست حكومەتە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە وجیهانەوە , ناسیونالیزمی كورد هەمووكات بۆتە(جۆكەرێك) لەدەستدا بۆ یەكلاكردەنەوەی كێشەیەكی سیاسی دیاریكراو لە قۆناغێكی دیاریكراودا .**

**لەنێو ئەم ڕووداوەنەشدا ڕەهبەران و قسەكەرانی سەر بەم بزووتنەوەیە هەوڵیانداوە لە ژێر ناوی (نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان ) دا ئەم سیاسەتی( زەلیلی ) و( دەستی دووەم)ە ی خۆیان بە نێو چەوانی خەڵكی كوردستانەوە بچەسپێنن و چارەنوسی سیاسی ئەم خەڵكە لەگەڵ چارەنوسی خۆیاندا تێكەڵ بكەن و ڕا پێچیان بكەن بۆ نێو ئەم گەمەو سادو سەودایە .**

**لەم سەردەمەی جەنگی تیرۆریستەكانیشدا كەئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێ ,جەنگی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی ئەمریكا, بزوتنەوەی ناسیونالیستی كورد دووبارە بەزەلیلی خۆی هاویشتۆتەوە نێو باوەشی دەسەلاتی سەربازی ئەمریكا لە عێراق دا و وەكو هێزێكی گوێرایەڵ و دڵسۆز بۆ سیاسەتەكانی ئەمریكا ئامادەباشە بۆ هەرچی كارێك كە ئەم دەسەڵاتە پێ ی بسپێرێ .**

**وە لەم ڕۆژانەدا كە دەسەلاتی سەربازی ئەمریكا بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسی وسەربازیەی كە لە عێراقدا تێ ی كەوتوە ,وە بۆ هێمن كردنەوەی دەنگی نارەزایەتی ڕای گشتی لەجیهان داو لە ناوخۆی ئەمریكادا,بەنیازی بەرێخستنی سیناریۆیەكی گاڵتەجاری یە لەژێر ناوی (دەنگدان بەدەستوری هەمیشەیی عێراق ) ودامەزراندنی حكومەتێكی نۆرمال لەم ووولاتەدا,سەرانی ناسیونالیستی كورد زۆر بەپەرۆشەوە دەیانەوێ ئەم سیاسەتەی ئەمریكا لەعێراقدا سەربگرێ و خێرو بەرەكەتێك وپلەو پایەك كە لەسایەی ئەمریكادا بەدەستیان هێناوە لەدەستی نەدەن ,وە بۆ بەرەواو دروست لەقەڵەم دانی ئەم سیناریۆی دەستورە,نوسەران و سیاسەتمەدارانی سەربەم بزوتنەوەیە كەوتونەتە خۆیان و زۆر بەپەرۆشەوە بەهەر شێوەیەك وبەهەر نرخێك بێت دەیانەوێ قەناعەت بەخەڵكی كوردستان بكەن كە ئەم پرۆسەیەی (دەستور )ە لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندایەو پێویستە بەشداری تێدا بكەن و بە (بەڵێ ) دەنگی بۆبدەن , كار گەیشتۆتە ئەوەی كەهەندێ كەسیان ئاماژە بۆ گرتەبەری هەرچی (ڕەوایە ) و هەرچی (ناڕەوایە ) , وەكو (شانسێك ) و (پلیتێك)ی یانسیب تاقی بكرێتەوە بەبیانۆی ئەوەی كە ئەمرۆ هاوسەنگی هێز بەلای ناسیونالیزمی كوردایە و سەرۆك كۆمارێكی كوردیش هەیە و سەرەنجامی دەنگدانەكە هەرچۆنێك بێت هەر لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندایە ...! .**

**لەم نێوەدا دەكرێ نوسینێكی سەلاحودین موهتەدی كەلە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ دا لەژمارە** 3784 **لەرۆژی** 25.09.05 **بڵاوكراوەتەوە وەكو نمونەیەك چاولێبكرێت بۆ نیشاندانی وێنەیەكی واقعی لەگرتنەبەری سیاسەتی (قوماربازی ) و گەمەكردن بە چارەنوسی سیاسی خەڵكی كوردستانەوە لەلایەن ئەحزاب و هێزەكانی ناسیونالیستی كوردەوە لە م پرۆسەی داسەپاندنی دەستور و یاسا كۆنەپەرستەدا , ناونیشانی نوسراوەكەی سەلاحودین موهتەدی ( باران ببارێ , باران نەبارێ ) یە, سەرەتاكەی بە هێنانەوەی نمونەیەك دەستپێكردوە لەسەر (تێربوونی جوتیارێك ) ە گوایە ئەم جوتیارە دەوڵەمەندو تێرو تەسەلە جا ئەگەر( باران ببارێ ئاشی دەگەرێ و بارن نەبارێ جوتی دەگەرێ) و بارودخی ئەمرۆی خەڵكی كوردستانی بە حاڵەتێك كە ئەو جوتیارە تێدایە شوبهاندوە , سەلاحودین دەڵێ** [ بەڵێ جاری واهەبوو دەوڵەمەندێكی دێ ,خواپێداوبوو,هەم خاوەنی زەوی وزارو جووت وگا , هەم ساحیبی ئاشی ئاوو ئاگر ! دڵە ڕاوكێ ی نەبوو ,دەستەوەستان نەدەماو كونی ڕزقی لێنەدەگیرا ! پاڵی لێدەدایەوەو , بەدڵنیایی وكەمێكیش فیزو فەخرەوە دەیگوت :

باران ببارێ ئاشم دەگەرێ

باران نەبارێ جووتم دەگەرێ

چی تیایە بائێمەی کوردی دۆنەدیو , هەرگیز تامی حەسانەوەو شادی نەچەشتوو ,هەمیشە نیگەران وپەریشان , بەترس ولەرزوو دەست لەسەر دڵ , دەبا ئەمجار ئێمەش وەکو کابرای گۆرین (بەدڵنیاییی وکەمێکیش فیزو فەخرەوە ) پاڵی لێبدەینەوەو سەیری پرۆسەی دەنگدانی دەستور بکەین ! ] **پاشان دێتە سەر ئەو مەسەلەیەی کەگوایە لەم دەستورەدا تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستانی تێدابەدینەکراوە** !!! **و دەنوسێ** [ئەم دەستورە نەک هەر هەمووئاواتە نەتەوەیی یەکانی گەلی کوردی نەهێناوەتەدی و ناشتوانێ بیهێنێتەدی , بەڵکو هەموو بنەما دیموکراتی یە کانی گۆمەلگایەکی مۆدێرن ومەدەنیشی دەستەبەرنەکردوە . ئەم چاوەروانییە کە لە هەوارگە بۆگەنەکەی ژێر خێمەی ئاخوندا, خونچەی گەش و ناسکی دیموکراتیزم و مۆدێرنیزم پەروەردەدەبێ و بپشکوێ ,ئەوپەری ساویلکەیی و خۆشخەیاڵی یە ] **کەچی لەم لایشەوە دەڵێ** [بەڵام ئەوەی ئێمەی کورد و خەڵکە دیموکرات و ئازادیخوازەکانی ناو پەرلەمانی بەغدا , بەهەزار فێڵ و تەڵەکەو شەر و قرە پچریومانە و ئەستاندوومانە هێشتا زۆرەو سوپاس و پێزانین ودەستخۆشی هەڵدەگرێ بۆ نوێنەرەکانمان وسەرکردەکانمان ] **هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا , سەرانی ئەم بزووتنەوەیە واتە ناسیونالیستی کورد بەرژەوەندی یەك کە خۆیان بە شێونیەوەن و داهات و قازانجێکی سیاسی تێدایە بۆیان ,بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی دەناسێنن و لە سەرووی ئەمەشەوە منەتبارییەکی عەجایەبیش بەسەر خەڵکەوە دەکەن و دەبێ خەڵکی سوپاس و پێزانینیان هەبێ بۆ نوێنەرانی کوردایەتی** !!!!؟؟؟

**سەلاحودین موهتەدی ئەم پرۆسەی دەنگدانە بە دەستور بە ئەرکێکێی زۆر گرنگ ومێژوویی دەناسێنێ و دەڵێ** [ پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن میللەت و پەیرەوکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە یەکێک لەهەرە گرنگترینی ئەو قۆناغانەیە , کەسە لەپرێ نابێ بەکورێ ] **لەکاتێکدا ئەم دەستورە کەهیچ ئومێدێکی ئینسانی وپێشکوتنخوازی تێدا بەدی ناکرێ , لێرەدا دەکرێ پرسیارێکی زۆر سادە لە ئاغای موهتەدی بکەین ئاخۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە کوێ ی ئەم دەستورەدایە** ...؟ **کام هەنگاوە خەڵکی کوردستان هاندەدات کە بیانکات** (**بەکورێك** ) ! ...؟ **ئەوا حکومەتە** (**ساواکەی** ) **کوردایەتی کە تۆ زۆر بە دیموکراتی یەکەیەوە دەنەزای و فەخری پێوەدەکەی دوای** 14 **ساڵە هێشتا نەبووە بەکورێك...ئاخۆ دەبێ چەندساڵێشت دانابێت بۆ حکومەتی( ژێر خێمەی ئاخوندەکان) کە وەکو خۆت ناویان لێدەنێ ی تا ببن بە کورێك** ...؟ **بۆچی دەبێ خەڵکی کوردستان دەنگ بە حکومەت و دەسەڵاتێکی کۆنە پەرست وئیسلامی بدەن لە کاتێکدا بە ئاشکرا دیارە کە ئەم دەسەڵاتەچەندە نا ئینسانی یە** ....؟

**بەڵام ئاغای موهتەدی لە هەگبەی تەجروبەی** (**دیپلوماسی زەلیلی** ) **کوردایەتی دا وەڵامێکی ئامادەکراوی پێ یەو دەڵێ** [ ئەگەر پەسەندنکردنی دەستور کۆسپی هاتە سەر رێ و و سوننەی عەرەب بە بەعس یەو ئیسلامی یەوە پرۆسەکەیان پەکخست , ئەوا ئێمە کورد مالوێران و رەنج بە خەسار نابین وهەناسە ساردو دەستەو ئەژنۆ دانانیشین . کوردستان حکومەت و پەرلەمانی خۆی هەیە و سەرۆکی خۆی هەیە ئیدارەو دارایی خۆی هەیە , لەشکرو سوپای خۆی هەیە , سیاسەت ودیپلۆماسی خۆی هەیە , لە بەغدایش رەئیس جمهور دەسەڵاتی خۆی بە زیادیشەوە بەکاردێنێ ]

**موهتەدی بەتەنها بەم رێگا چارە زۆر دیبلۆماسی یەوە ناوەستێ و وەڵامێکی تریشی پێ یە و دەڵێ** [ ئەگەریش هەلومەرجێک هاتە گۆرێ کە وەزعی عێراق بەتەواوی شێواو شانسێک ودەرفەتێک بۆ هەلبژاردن وپێکەوە ژیان و دامەزراندنی دیموکراسی نەما , لەو حالەتەدا قەت بەقەد ئێستا کورد بە هێزو و یەکگرتوو , قەتیش بەرامبەرەکەی هێندە پەراکەندەو پەرەم پەرەم , هێندە کزو لاواز نەبووە , ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی کە هێز دیاریخەرو یەکلایکەرەوەی چارەنوس بوو _ هەرچەندە من بە نزیکی نابینم لەو کاتەدا جێبەجێکردنی مادەی 58 لەسەر ریفراندۆم رانەوەستی ]**ئەمە چی دبلۆماسی یەك و چی گەمەیەکی سیاسی پر لەمەسخەرەیە**..؟ **کێ هەیە ئەمرۆ لە کوردستان و عێراق دا ئەو هەقیقەتە نەزانێ کە ئەمرۆ لەژێر سایەی ئەو هێزە کۆنە پەرست وئیسلامیانەی لە عێراقدا حوکم دەکەن هیچ** ( **شانسێك ودەرفەتێك بۆ پێکەوە ژیان و دیموکراسی نەماوە** ) **ئەمرۆ ئەم وولاتە بۆتە مەیدانی شەری قەومی و تایەفەیی لە سایەی حوکمرانی ئەمانەدا** , **تەنانەت بۆ خەڵکی کوردستانیش ئەمرۆ مانەوەو حاکمیەتی کوردایەتی کەوتۆتە ژێر پرسیارەو**

**بزوتنەوەیەکی ئالوگۆرپێبەخشی سەرتاسەری وجەماوەری لەسەرەتای دروستبوون و دەستەبەکاردایە بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە پر لە گەندەڵی و تالانی یە .**

**فریودانی خەڵکی کوردستان هەولدان بۆ راپێچکردنیان بەرەو پرۆسەی دەنگدان بە دەستور یاسایەکی دژی ئنیسانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە کانی ئەمریکا و هێزو تاقمە ناسیونالیست وئیسلامی یەکانی دەوروبەری لە عێراقدا یاریکردنێك و تەوهینکردنێکی ئاشکرایە بەم خەڵکە و شەرعیەتدانە بە حکومەتێکی ئیسلامی _تایەفەیی , رێگاچارەی واقعی و ریشەیی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی کوردستان لە بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازاددایە کە تیایدا خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بە جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکولارو مۆدێرن لە کوردستاندا هەروەها ریسواکردنی پرۆسەی دەستورەکەو دارێژەرانی .**

**25.09.2005**
**ئەڵمانیـــا**